

**خـــــــەون...هۆنراوەی شالاو**

**شەولەخەوما**

**پە نجەکـــــانم**

**لەناو قژت ئالۆزکابوو**

**کە بێداربـــــووم  وڕاچلەکیم**

**سەیری دەستەکـــــانی خۆم کرد**

**هەرپێنج  پە نجەم  بەجێ مــــــابوو**

* * *

**شەو لەخەوما**

**وەك پە پـــــــوولە**

**بەدیارچرای چاوەکانت بەڵم دەگرت**

**کاتێ کەچاوت کردەوە**

**من گڕم گرت ..**

* * *

**شەولەخەوما**

**سەرم لە پاڵ سەری تۆدا**

**لەسەر یەك سەرین دانابوو**

**دەستەکانم لەگەل قەدی**

**ناسکی تۆ تێکئالأبوو**

**بەلأم کاتێ کەڕاچلەکیم**

**هەردوو دەستم**

**بۆنی خوناویان گرتبوو**

**چەند دانەیەکیش قژی تۆ**

**لەسەرو پرچم ئالأبوو**

* * *

**بۆیە منیش**

**بەر لەوەی چاوم لێك بنێم**

**كامێرای دڵ دادەنێمو**

**چاوەڕێتم هەموو شەوێ**

**من دڵنیام**

**هەر دەردەكەوی لەخەوێ** ...

www.shallaw.info.se